KURDE

**Collectif de soutien des exilés Xéme arrondissement de Paris**

## ڕێکخراوی پشتیوانی پەنابەرانی گەڕەکی دەهەمی پاریس

**چۆن داوای پەنابەری دەکرێت ؟**

کە داوای پەنابەری دەکەن لە فەرەنسا،هیواتان ئەوەیە کە پێناسەی پەنابەریتان بدەنێ بەگوێرەی پەیمانی جنێف کە لەساڵی 1951دا بڕیاری لەسەر دراوەو فەڕەنساش لەساڵی 1952دا بەگوێرەی یاسای فەرەنسی ئیمزای کردوە.وەلە بەڕێوەبەرایتی پارێزگاری پەنابەرانو بێ وولاّتان، بەفەڕەنسی **ئۆفپرا**،دراسەی فایلە کانتان دەکرێت و بڕیاری لەسە ئەدرێت.گەر **ئۆفپرا** داواکەتان ڕەفز بکات،30ڕۆژتان هەیە بۆ ئەوەی ئیعتراز بکەن لای کۆمیسیۆنی ئیعتراز، بە فەرەنسی (**سێ،ئێر،ئێر**)..بەلاّم یەکەم هەنگاو لە **پرێفێکتۆری** نزیک ئەدرێسەکەتان دەست پێدەکات بۆ ئەوەی ئیجازەی مانەوەی مووەقەت وەربگرن لەفەرەنسا، کارتی **زەرد**، بەفەرەنسی (**ئا،پێ،ئێس**) کەبۆ مانگێکە.

**گەر تەمەنتان لە 18 ساڵ کەم تربێت**

تەمەنتان لەنێوان 16و 18دە ساڵە:هەقی ئوەتان هەیە داوای پەنابەری بکەن.

لە 16ساڵ کەم ترە:کە بوونە 18 دە ساڵ بۆتان هەیەیە ئەو پێناسە وەربگرن بەلاّم ڕێگا لەوە ناگرێت فاییلەکەتان بنێرن بۆ **ئۆفپرا**.گەر تەمەنتان لە 18دە کەمترە ،بۆزیاتر ڕێنمایی پەیوەندی بەو سێ ڕێکخراوەی خوارەوە بکەن لەگەڵ ناەنیشانەکانیان بەفەرەنسی(ڕێکخراوی پشتیوانی پەنابەرانی گەڕەکی دەهەم،فرانس تێر دازیل،ڕێکخراویی خزمەت گووزەرانی کۆمەلاّیەتی).

collectif de soutien des exilés

ڕۆژانی شەممە لە دوای کاتژمێری14،30وە وە لە پارکی گاردو لێست.

france Terre d'asile(FTDA,25,rue Ganeron,PAris 18 (métro La Fourch)
خەتی13

SSAE(18,rue Auguste-Perret,paris 13-métro Tolbiac,ligne7)

**ئەوانەی کەتەمەنیان لە18ساڵ زیاترە ،پێویستە چی بکەن؟**

پێویستە بچنە سەنتەری پێشوازی کردن لە ئەجنەبی لەو ناونیشانەی خوارەوە.

Centre de réception des étrangers.218,rue d'Aubervilliers
Paris 19 (métro Crimée..ligne 7)

ئەو جێگەیە بەڕێوەبەرایەتیەکی خزمەت گوزارییە لە **پرێفێکتۆری پۆلیسی پارییس**.لە دووشەمەوە بۆ هەینی کراوەیە،دەبێت بەیانیان زۆر زوو لەوێ ئامادەبن.گەر ڕێگەتان پێنەدرا کە بچنە ژوورەوەبۆ ئەو سەنتەرە ئەوە بەکارێکی ناقانوونی دادەنرێت.ئەوکاتە دەتواننده‌وای ئیجرائاتی خێرا بکەن لە مەحکەمە بە فەرەنسی پێی دەلێن(**ڕێفێرێ لیبرتێ**).بۆ زیاتر ڕێنمایی و زانیاری پرسیار لە ڕێکخراوی پشتیوانی پەنابەرانی دەهەم یان ڕێکخراوەکانی تر بکەن.

**قۆناغە جیاوازەکانی داوای پەنابەری و ئەوراقە پێویستەکانی:**

1-بەڵگەنامی ئەدرێس(ناونیشان)بە فەرەنسی **دۆمیسیلیاسیۆن**.ئەدرەسی شەخسی خۆتان یان ئەدرێسێک کە نامەی ڕەسمیتان لە بەریدەوە پێدەگات،گر نەتان بێت دەتوانن لە ڕێگیەی **فرانس تێر دازیلەوە** ئەو بەڵگەنامەیە تان دەستکەوێت..

france terre d'asile(FTDA.25,rue,ganeron..paris(métro la Fourch.ligne 13)

2-چوار وێنە(ڕەسم) بۆ پێناسە(هەوێ).

3-ئەوراقی پێناسە(پێناسەی شەخسی یان پەساپۆرت):ئەو پێناسانە فەرز نین و زەروریش نین،بەلاّم گەر هەتانە پیشانی فەرمانبەرەکانی بەن ئەوە شتێکی باشە.گەر نیشتانە لە **پرێفێکتۆر** لەسەر قسەی خۆتان ئەوناوانە دەنووسن کە ئێوە دەیان دەنێ،لەگەڵ ساڵ و ڕۆژی لە دایک بوون و ناوی شارو وولاّتان.

### ئاگاداریەک و ڕوونکرنەوەیک بەتایبەتی بۆ کوردی کوردستانی عێراق:

لە فەرەنسا ناو هەیە لە گەڵ ناویی خێزان کە پێیان دەلێن پرێنۆم ونۆم بە فەرەنسی

nom,prénoms

جا کە خۆتان ناو نوس دەکەن باشترە ناویی خۆتان وەک **پرێنۆم** تەسجیل بکەن و ناویی باپیرتان وەک **نۆم** تەسجیل بکەن یان لە قەبی خێزانەکەتان بۆ ئەوەی لەدوواڕۆژدا مووشکیلەتان نەبێت.